Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# مۆڵەتی مانەوە لە فینلەندا بە تۆ نەدراوە

فەرمانگەی کۆچ بڕیاری نێگەتیڤی بۆ داوای پەنابەریەکەت دەرکردووە. ئەوش مانای وایە کە تۆ لەسەر بنەمای داوای پەنابەریەکەت مۆڵەتی مانەوەت لە فینلەندا وەرنەگرتووە.

ئەگەر بێجگە لە داوانامەی پەنابەرێتی بە جیاواز داوای مۆڵەتی مانەوشت کردووە، بڕیاری ئەوەیان بەجیاواز وەردەگریت.

## دوای وەرگرتنی بڕیارەکەت یەکسەر پارێزەرەکەت یان کارمەندی کامپەکەت ئاگاداربکەرەوە

پارێزەرەکەت و کامپی پەنابەران زانیاری بڕیارەکەی تۆیان بەشێوەیەکی ئۆتوماتیکی بۆ ناچێت.

پارێزەرەکەت ئاگاداربکەرەوە کە بڕیاری ڕەفزت وەرگرتووە. ئەگەر پارێزەرت نیە و پارێزەرت دەوێت، ئەگەر پێویست بکات کارمەندی کامپەکە لەو بارەیەوە ڕێنماییت پێ دەدات.

ئەوە گرینگە کە کارمەندی کامپەکەت ئاگاداربکەیتەوە لەوەی کە بڕیاری فەرمانگەی کۆچت وەرگرتووە. لەو کاتەدا کارمەندی کامپەکە دەزانێت ڕێنماییت بکات کە لەوە بەدوا چی دەکرێت.

## مافی کارکردنەکەت بپشکنە

لە بڕیارەکەتدا یەکسەر ئەوە بخوێنەوە کە ئایا مافی کارکردنەکەت ماوە یان بەسەرچووە. لە بڕیارەکەدا نووسراوە چی کاتێك مافی کارکردنت کۆتایی دێت. ئەگەر کار دەکەیت یەکسەر خاوەن کارەکەت ئاگادار بکەرەوە ئەگەر مافی کارکردنەکەت کۆتایی دێت.

زانیاری زیاتر سەبارەت بە مافی کارکردن لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتەکەماندا دەدۆزیتەوە:
migri.fi/turvapaikanhakijan-tyonteko-oikeus.

## دوابەدوای بڕیارەکە دەتوانیت یان بەشێوەی ئارەزووومەندانە وڵاتەکە جێ بهێڵیت یانیش سکاڵا لە دژی بڕیارەکە بکەیت

### ▪ گەڕانەوەی ئارەزووومەندانە

ئەگەر سکاڵا لە دژی بڕیارەکەت ناکەیت و بە شێوەی ئارەزوومەندانە دەگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت، دەتوانیت بۆ گەڕانەوەکەت داوای یارمەتی بکەیت. کارمەندەکانی کامپەکە ڕێنماییت دەکەن بۆ پێشکەشکردنی داوای گەڕانەوە.

مەرج بۆ وەرگرتنی یارمەتی ئەوەیە کە ئارەزوومەندانە فینلەندا جێبهێڵیت. پێویستە داوانامەی پەنابەریەکەت یان ئەو سکاڵایەیانەی کە لە دژی بڕیارەکەی کردووتە بکێشیتەوە.

زانیاری زیاتر لەسەر گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ دەدۆزیتەوە: https://migri.fi/paluu

### ▪ سکاڵاکردن لە دژی بڕیارەکە بۆ دادگای ئیداری

لە پاشکۆی بڕیارەکەدا ڕێنمایی سکاڵاکردنیشت پێ دەدرێت. بەو بەڵگەنامەیە دەوترێت چۆنێتی سکاڵاکردن. ئەگەر بتەوێت سکاڵا بکەیت پێویستیت بە پارێزەر دەبێت. پارێزەر سکاڵاکە لە جیاتی تۆ جێبەجێ دەکات. کارمەندانی کامپی پەنابەران لەکاتی پێویستدا ئامۆژگاریت پێ دەدەن کە چۆن پارێزەر وەربگرێت.

### ▪ دادگای ئیداری بڕیار لەسەر سکاڵاکەت دەدات

ئەگەر دادگای ئیداری سکاڵاکەتی ڕەتکردەوە، دەتوانیت دوای ئەوەش داوای مۆڵەتی سکاڵاکردن لە دادگای بەرزی ئیداری بکەیت. ئەو دادگایە لێکۆڵینەوە لە هەموو سکاڵایەك ناکات.

داگای ئیداری و دادگای بەرزی ئیداری دەتوانێت

- بڕیارەکە هەڵوەشێنێتەوە
- فەرمان بدات کە دەبێت داوانامەکەت سەرلەنوێ تاوتوێ بکرێتەوە
- فەرمان بدات کە دەبێت مۆڵەتی مانەوە بە تۆ بدرێت، یانیش
- سکاڵاکەت ڕەتبکرێتەوە

کاتێك کە سکاڵا لە دژی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچ دەکەیت، ئەوساکە ئیتر فەرمانگەی کۆچ ئەو فەرمانگەیە نیە کە بابەتەکەی تۆ تاوتوێ دەکات.

ئەگەر سەبارەت بە بابەتەکەت پرسیارت هەیە یان دەتەوێت ڕوونکردنەوەی زیاتر بنێریت، پەیوەندی بکە بە پارێزەرەکەتەوە یان ئەو دادگای ئیداریەی کە بابەتەکەت تاوتوێ دەکات.

## له بڕیارەکەدا باسی ئەوە کراوە کە چی کاتێك دەتوانرێت بڕیارەکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە

تۆ لەسەر بنەمای داوای مافی پەنابەرییەکەت مۆڵەتی مانەوەت لە فینلەندا پێ نەدراوە، لە بڕیارەکەدا نووسراوە چی کاتێك دەتوانرێت بڕیارەکە بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. پۆلیس بەرپرسیارە لەوەی کە بڕیارەکە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

مەبەست لە بڕیاری دەرکردنی لە وڵات ئەوەیە کە ئەگەر خۆت بۆ دەرەوەی فینلەندا دەرنەکەویت، پۆلیس لەم وڵاتە دەرددەکاتەوە.

لە هەمان کات دا لەوانەیە بڕیاری قەدەغەکردنی هاتنەوەت بۆ وڵاتەکە دەربکرێت. ئەوە واتای ئەوەیە کە لەو کاتەدا بۆت نیە بگەڕێیتەوە بۆ فینلەندا یان ناوچەی شەنگن یان وڵاتەکانی دیکەی ئەندامی یەکێتیی ئەورووپا. دەکرێت قەدەغەکردنەکە هەتاکو کاتێکی دیاری نەکراو بێت یان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بێت. ئەوە لە بڕیارەکەدا دەنووسرێت.

پۆلیس کارەکانی گەڕاندنەوە ئامادە دەکات، واتە بلیتی فڕۆکەت بۆ ئامادە دەکات و بەڕێت دەخات یان هەتاکو سەر سنووری فینلەندا یانیش هەتاکو وڵاتەکەی خۆت.

## هەروەها کاربەدەستان دەتوانن فەرمانی ئەوە بدەن کە تۆ دەبێت بچیت بۆ سەڵماندنی هەبوونت یانیش بتبەن بۆ شوێنی دەستبەسەری

پۆلیس یان کاربەدەستانی پاسەوانی سنوور دەتوانن فەرمانت بەسەردا بکەن کە لە نێوان ماوەیەکی دیاریکراودا بەردوام بچیت لە کامپی پەنابەراندا یان لە بنکەی پۆلیسدا هەبوونی خۆت بسەڵمێنیت. هەروەها دەشتوانن بتبەن بۆ شوێنی دەستبەسەری. لە هەندێک دۆخدا فەرمانگەی کۆچ دەتوانێت بڕیاربدات کە دەبێت لە کاتێکی دیاریکراو دا سەردانی ناوەندێکی پێشوازیکردن بکەیت یان لە ناوەندێکی پێشوازیکردن دا بژیت.

یەکەی دەستبەسەرکردن شوێنێکی داخراوە و ناتوانیت لەو شوێنە بچیتە دەرەوە. ئەگەر تۆیان برد بۆ دەستبەسەری دەبێت بنەماکانی دەستبەسەرکردنەکەت پێ بووترێت و هەروەها سەبارەت بە تاوتوێکردنی بابەتی دەستبەسەرکردنەکە و ئیمکانیەتی وەرگرتنی یارمەتی یاسایی زانیاریت پێ بدرێت.

### ئەرکی هاوکاریکردن

ئەگەر بێتوو بنێردرێیتەوە بۆ وڵاتەکەت، دەبێت لە هەموو قۆناغێکی دەرکردنت لە وڵاتەکە هاوکاری لەگەڵ کاربەدەستان بکەیت. ئەوە واتای ئەوەیە کە دەبێت تۆ

- هەموو ئەو زانیارییانە بدەیت کە پێویستن بۆ دڵنیابوونەوە لە ناسنامەکەت
- ئەو وڵاتانە ڕابگەیێنیت کە لە ڕێگایانەوە بۆ فینلەندا هاتوویت
- لە هەموو قۆناغێکی کاتی دەرکردنت دا بۆ وەڵامدانەوەی پەیوەندیەکان ئامادە بیت
- داوا لە کاربەدەستانی وڵاتەکەت بکەیت کە بەڵگەیەکی گەشتکردنت پێ بدەن و
- هاوکاری لەوەدا بکەیت کە، کاربەدەستانی وڵاتەکەت بتوانن بتناسنەوە (لە ناسنامەت دڵنیا ببن) بۆ ئەوەی کە بەڵگەیەکی گەشتکردنت پێ بدەن.

ئەگەر پابەندی ئەرکی هاوکاریی کردن نەبیت، دەکرێت دەستگیر بکرێیت یان فەرمانی قەدەغەکردنی هاتنت بۆ وڵاتەکە بەسەر دا بسەپێندرێت.

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

## ئەگەر بنەمایەکی نوێت هەیە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری، دەتوانیت داوانامەیەکی نوێ پێشکەش بکەیت

ئەگەر دوای کارا بوونی بڕیارەکەی فەرمانگەی کۆچ بۆ داوانامەکەت، لە ڕووی یاساییەوە بنەمایەکی نوێت هەبوو بۆ داوای پەنابەری، دەتوانیت داوانامەیەکی نوێ پێشکەش بکەیت. داوانامەی نوێ دەبێت یەکسەر کە بنەماکە هەبوو یان پێویستیەکە هەبوو بکرێت.

- **پێویستە هۆیەکەی بڵێیت کە لەبەر چی لەوە پێشتر باسی ئەوە بنەما نوێیەت نەکردووە**

هۆ بۆ ئەوەی کە بۆچی لەوە پێشتر باسی ئەو بنەما نوێیانەت نەکردووە دەبێت بەو شێوەیە بێت کە شتەکە لە دەسەڵاتی تۆدا نەبووبێت.  دوابەدوای ئەمە ئینجا فەرمانگەی کۆچ ئەوە هەڵدەسەنگێنێت کە ئایا لێکۆڵینەوە لە داوانامە نوێیەکەت دەکات یان نا. ئەگەر فەرمانگەی کۆچ وای ببینێت کە تۆ بنەمای نوێت نیە بۆ داواکردنی پەنابەرێتی ئەوساکە بڕیاری ئەوەت بۆ دەردەکرێت کە لێکۆڵینەوە لە داوانامەکەت ناکرێت. بڕیارەکەشت پێ دەدن بۆ زانیاریت.

## لە هەندێك بارودۆخدا ناتوانیت چیتر خزمەتەکانی کامپی پەنابەران وەربگریت

ئەگەر پۆلیس نەتوانێت لە وڵاتەکە دەرت بکاتە دەرەوە بەڵام تۆ خۆت بتوانیت ئارەزوومەندانە بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت، پۆلیس یەکسەر ئەو شتە بە کامپی پەنابەران ڕادەگەیەنێت. دوای ئەوە ٣٠ ڕۆژ  کاتت پێ دەدرێت بۆ ئەوەی سەربەخۆیانە وڵاتەکە بەجێبهێڵیت یانیش داوای یارمەتیی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بکەیت.

دوای بەسەرچوونی ٣٠ ڕۆژەکە، خزمەتەکانی پێشوازیکردنت کۆتاییان دێت. واتە چیتر بۆت نیە لە کامپی پەنابەراندا بژێیت و هەروەها پارەی کامپ یان خزمەتەکانی تری کامپی پەنابەرانت پێ نادرێت.

- **ئەگەر داوانامەیەکی پەنابەری نوێت پێشکەش کردبێت**

ئەگەر داوانامەیەکی پەنابەری نوێت پێشکەش کردبێت، دەکرێت دوابەدوای ئەوەی کە پۆلیس بڕیارەکەت پێ ڕادەگەیەنێت خزمەتەکانی پێشوازیت یەکسەر کۆتاییان بێت. بۆی هەیە بەم شێویە ڕوو بدات ئەگەر دوای وەرگرتنی بڕیاری داوانامەکەی پێشووترت بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ خزمەتەکانی پێشوازیت بەکارهێنابێت.

### زانیاری زیاتر لەم شوێنانە دەست دەکەون

- ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچ: migri.fi/turvapaikka-suomesta
- لە ڤیدیۆکەی فەرمانگەی کۆچ ”Kielteinen päätös” بڕیاری (ڕەفز) ڕەتکرانەوە:
- migri.fi/videot-turvapaikanhakijoille